

**د. ئاشتی هەورامی:**

## ڕێککەوتنی نێوان کوردستان و تورکیا ستراتیژییەو ساڵی ٢٠١٧ گاز هەناردەی تورکیا دەکەین

# وزە


زمارە ١ - شوباتی ٢٠١٥

یەکەمین گۆفاری وەرزی
تایبەتە بە وزە لە کوردستان
پەیمانگەی کوردستان بۆ وزە (KEI) دەریدەکات




کوردستان بەرەو یەك ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا

# کوردستان خاوەن یەکەم بیرە نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**نەوتی کوردستان**
بەشی ١٩١ ساڵی داهاتوو دەکات

**یونس رواندزی:** بەرهەمهێنانی نەوت لە شیرینیەکەی مام جەلالەوە تاوەکو پەرەپێدانەکەی ئاشتی هەورامی ...

**نوێترین زانیاری**
لەسەر بلۆکە نەوتیەکانی کوردستان

هەموو زانیاریەك لەبارەی سەکۆکانی هەڵکەندنی نەوت (Drilling Rig) لە

# ئابووری نەوت لەناوچەی سوننە نشین



نووسینی: جیۆلۆجیست فەرهاد هەمزە



لەم پارێزگایەدا ژمارەیەك ستراكچەری جیۆلۆجی بەرچاو دەكرێت، بەڵام ئەوانەی بەرهەمهێنن ئەمانەن:
-

١- كێڵگەی حەمرین: كێڵگەیەكی گەورەیەو درێژیەكەی ١٠٥ كم دەبێت، تا ئێستا ٨١ بیری تیا هەڵكەنراوە لە توانایدا هەیە ٦٠ –٨٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێكدا بەرهەم بهێنێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە لە گەرمەی ڕووداوەكانی ٩ی حوزەیراندا كۆمپانیای نەوتی باكوور سەرقاڵی هەڵكەندنی ٣ بیر بوو لەو كێڵگەیەدا بە تێكچوونی دۆخەكە كارمەندان ناوچەكەیان چۆڵكردوو ٣ تاوەری گەورەی هەڵكەندنیان بە دوای خۆیاندا بە جێهێشت كە بە چەندین ملیار دۆلار دەخەملێنرێت.

٢- كێڵگەی عەجیل: (لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا ناوی گۆڕا بوو بۆ سەدام) دەكەوێتە دامێنی زنجیرە چیای حەمرینەوە، درێژییەكەی ٢٠ كم دەبێت ژمارەی بیرەكانی ٩٢ بیرە، یەدەگی نەوتیش نزیكەی ١ ملیار بەرمیلە. یەكێك لە خاسیەتە گرنگەكانی ئەم كێڵگەیە توانای بەرهەمهێنانییەتی بۆ بڕێكی زۆر گازی سروشتی كە ئەمیش ڕۆڵێكی باڵای هەیە لە ئیشپێكردن و بە گەڕ خستنی وێستگەكانی بەرهەمهێنانی كارەبا لەگەڵ دابینكردنی بڕی پێویستی ماڵان لە گازی شل. ماوەیەكی دوورە وێستگەكانی بەرهەمهێنانی كارەبا بەگازی ئەم كێڵگەیە كاردەكەن، دوای داگیركردنی لەلایەن داعشەوە پشت بە غازی كێڵگەی جەمبور بەسترا

٣- كێڵگەی بەلەد: دەكەوێتە باشووری شاری تكریتەوە ٩ بیری تیا هەڵكەنراوە، ئەگەر گەشەی پێبدرێت بەرهەمی چاكی لێدەستدەكەوێت

پارێزگای ئەنبار

جیۆلۆجییەكان گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییەی كە خۆرئاوای عێراق بە تایبەت ئەو بەشەی لە سنووری وڵاتی ئوردونەوە نزیكە گومان دەكرێت چەندین كێڵگەی گازی لە خۆگرتبێت. ئەگەر ڕووپێوێكی چاكی ناوچەكە بكرێت ئەوا زیاتر ڕاستییەكان ڕووندەبنەوە،



لەبەرئەوەی رۆژبەرۆژ پێویستی جیهان بۆ گاز زیاتر دەبێت هەربۆیە وەزارەتی نەوتی عێرا ق لە بەرنامەیدایە کەبە دەستی شارەزایانی عێراقی و بەتوانای نیشتمانی هەڵبستێت بە رووپێوی ٤٢٠٠٠کیلۆمەتر دووجا لە خاکی خۆرئاوای عێراق بە دوو قۆناغ ، هەردوو قۆناغەکە نزیکەی ٣ملیار دۆلاری تێدەچێت و لە تواناادا دەبێت ٢٠ ملیار مەتر سێجا، گازی سروشتی بدۆزرێتەوە.

ئەوەی تا ئێستا لەو ناوچەیە دۆزراوەتەوەو بەرهەمی هەبووە کێڵگەی (عەکاس) ە.

کێڵگەی عەککاس کە بە یەکێك لە کێڵگە گازییەکانی عێراق دەژمێردرێت، دەکەوێتە بیابانی رۆژئاوای عێراقەوە ٣٠کم لە باشووری شارۆچکەی قائیمەوە.

درێژی کێڵگەکە ٣٠کیلۆمەترە، پانییەکەشی ١٢کیلۆمەترە.لە سالی ١٩٤٩-١٩٥٠یەکەم رووپێوی ناوچەکە کراوە، لە سالی ١٩٩٤یەکەم بیری تێدا هەڵکەنراوەو قوڵییەکەی گەیشتووەتە ٤٢٣٧مەتر، لە دوو ماوە (interval) دا تێبینی بوونی گاز کراوە لە قوڵی ٢٠٠١-٢٠٠٣مەتر هەروەها لە قوڵی ٢٠٧١-٢٠٩١مەتر. دوابەدوای ئەمە ٦بیری تریش هەڵکەنران کەلە هەموویان دا تەنها تێبینی بوونی گاز کراون.

یەدەکی گاز لەم کێڵگەیە بە ٦.٥ترلیۆن پێسن جا دەخەمڵێنرێت.

لە ماوەی حوکمی رژێمی پێشوودا، ئەم کێڵگەیە بە دەست لێنەدراوی مابۆوەو هیچ بەرهەمێکی نەبوو. ئاشکرایە لە دوای پرۆسەی ئازادی وەزارەتی نەوتی عێراق، کێڵگە نەوتییەکانی خستە بەردەم زیادکردنی کۆمپانیا بیانییەکانەوە بە مەبەستی زیادکردنی بەرهەمی نەوت لە عێراقدا.لە خولی سێیەمی زیادکردنەکاندا کە لە سالی ٢٠١٠ ئەنجامدرا ٣کێڵگەی گازی گرتەوە، کە یەکێکیان کێڵگەی عەککاس بوو، لەو زیادکردنەدا ئەم کێڵگەیە بۆ کۆمپانیای (کۆگاز) ی کۆری (دەرچوو،کاربەدەستانی پارێزگاکە هەوڵ و کۆششێکی چاکیان کرد تا داهاتی کێڵگەکە بەپلەی یەکەم لەخزمەتی پارێزگاکەدا بێت ،بەلام لێپرسراوانی وەزارەتی نەوت وای بەباش ئەزانن لەداهاتی ئەو کێڵگەیە ژمارەیەك پرۆژەی ستراتیجی لەو پارێزگایە بکرێتەوە لەوانەکارگەی پترۆکیمیاوی و ی بەرهەم هێنانی کارەبا لەوەی دەشمێنێتەوە لە گازەکە دەچێتە تۆری نیشتمانییەوەو هەناردەی دەرەوە دەکرێت، هەر وەك حوسێن شەهرستانی وەزیری پێشووی نەوت وتبووی بەرهەمی گازی کێڵگەی عەککاس تەنها هەناردەی ئەوروپا دەکرێت.

لە رووی دامەزراوەی نەوتیشەوە ناوچەی سوونە نشین، خاوەن گەورەترین پالاوگەی نەوتییە لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا ئەویش پالاوگەی بێجییە کی لە بنەرەتدا لە ٥ پالاوگە پێکدێت لە توانایدایە رۆژانە ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بپالێوێت و هەموو بەرهەمە نەوتییەکان هەر لە بەنزینی فرۆکەوە تا قیری شەقامەکان و رۆنی ئۆتۆمبێل دروست بکات. جگە لەم پالاوگەیە چەند پالاوگەیەکی تری بچووکیش لە ناوچەی سوونە نشیندا هەیە، وەك پالاوگەی گەیارەو سینییە.

بە پێی سیستەمی وەزارەتی نەوتی عێراقی هەر پارێزگایەك لە توانایدا هەبێت ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بە سەرەوە بەرهەم بهێنێت مافی پێکهێنانی کۆمپانیای تایبەت بە خۆی دەبێت هەربۆیە پاش پەرەپێدان و گەشەسەندنی کێڵگە نەوتییەکانی سنووری شاری موسڵ دەتوانرێت کۆمپانیای نەوتی موسڵ دابمەزرێنێت.

جگە لە سامانی نەوت و گاز ناوچەی سونە نشین دەوڵەمەندە بە کانزای گۆگرد لە ناحیەی (میشراق) لە گەڵ کانزای فۆسفات لە ناوچەی (عەکاشات) لە رۆژئاوای عێراق. لەم چەند دێرەی سەرەوە دەگەینە ئەو راستییەی هەر کاتێك بە پێی دەستووری عێراقی مافی دامەزراندنی هەرێمێکی تایبەت بە سوونە بدرێت، ئەوا دەبینین تەواوی بنەما ئابوورییەکانیان لە بەر دەست دایە هەر لە سەدان هەزار بەرمیل نەوت و ملیۆنان مەتر سێ جا گازی سروشتی. هەر بەپێی یاسای پەرلەمانی عێراقی پرۆژەی پترۆدۆلاریش دەیانگرێتەوە کە بەرامبەر هەر بەرمیلێکی نەوتی هەناردەکراو دۆلارێکیان بەردەکەوێت کە ئەمە خۆی لە خۆیدا داهاتێکی چاکە بۆ ناوچەکە.